

# گومان

**سالار ئیسماعیل سەمین**

**هەرچەندێ تەمەنی تۆ لەمێژەوە لەگەڵ ڕۆژگارە سەختەکانی ژیاندا ئولفەتیکرە، بەڵام لەهەمانکاتیشدا هەر ئەو ڕۆژگارانە بوو بەهۆی لۆچەکانی رومەتو گەردنە جوانەکەت. ئێستا پەرچەمە لولە رەشە جوانەکەت وەك تۆپەڵەی بەفری سپی بەسەر گۆناکانتەوە دەبینرێ. بەردەوام پاڵتداوە بە دەرگا دولاییەکەی حەوشەکەتانەوە. چاوەکانت هەڵدەڕوانی بە شەقامەکەداو بیر لە نەمانو نتکابوون دەکەیتەوە.**

**ئەو کاتەی بیر لەو ڕۆژگارە پڕ لە هەوسبازییانەی خۆت دەکەیتەوە، ڕۆژگارە سەختەکانی ئەمڕۆت لەبیردەچێتەوە.. کات بەرەو ئێوارە دەڕۆیشت، زەردەپەڕ هێدی هێدی لەژێر دەسەڵاتی سەرەتای تاریکەشەوێکی پڕ لە ژاندا هەرەسی دەهێنا. لە دوورەوە تارماییەکت بەدی کرد. بە لۆژە لۆژو کۆمەکۆم بەرەومال دادەخزا، کە بەتەواوی نزیك بووەوە هەستت کرد ئەو نالەبارەیە، کە بوو بەهۆی بەسالاچونتو لەدەستدانی کچێنیت.**

هەر لەو كاتەدا هزرو خەياڵبازيت باڵی گرتەوە. بە دەيان بيرۆكەو رۆژگاری رابوردوو لەنێو شانەكانی مێشكتدا لەدايكبوو. ئەو رۆژەت هاتەوە ياد، كە تەمەنت بەرەو دەروازەی بيستو دوو بەهار هەنگاوی دەنا. لە ئاشپەزەكەی ماڵی خوشكتدا چێشتی نێو مەنجەڵی سەر ئاگرەكەت تێك رائەدا. تەماشايەكی كلاوڕۆژنەی ئاشپەزەكەت كردو ئەو چركەساتەت هاتەوە ياد، كە كچێتيی خۆت لەدەست دا. تۆ لە هەموو هەرزەكارانی ئەو زەمەنە بە گومان بوويت، چۆن خزايتە نێو باخەڵی ئەو نالەبارەوە؟. چۆن ئەو لاشە نەرمونۆڵەی خۆت خستە بەردەست ئەو گورگ مرۆييەوەﭬ. دوورنييە گاسنگی حەز لەو چركەساتەدا لەنێو كێڵگەی حەزتدا هەموو شتێكی لەبير بردبووی. تەنها لەئامێزگرتنی ئەو نەبێ، ئێستاش لە ماڵی ئەم خوشكەتدا وەك كارەكەرێك رۆژی دەيانجار سەردەكەی بەو ئاشپەزەدا.

خوشكەكەت ئەمڕۆ مانگێكە مناڵی بووە. رۆژ نييە چەندجارێك نەنوشتێتەوە بەسەر جۆلانێی ئەو مناڵەدا. هەر ئەو رۆژە لە ئاشپەزەكە دەرچوويت. بەسەر جۆلانەی مناڵەكەوە راوەستايتو دۆشداماى.

–ئەی هاوار ئەم مناڵە نە لە باوكی دەچیو نە لە دايكی..؟ تۆ بڵێی لە كێ دەچێ..؟ بەڕاستی من لەم مناڵە بەگومانم.

نا.. نا.. نا وانييە مناڵی تازە لەدايكبوو لە مانگێكدا چەند جارێك دەگۆڕێ.

جارێكی تر چووە پێشەوە..

–ئەی هاوار خەڵكينە ئەمە لەو گورگ مرۆيە دەچێ، كە بوو بەهۆی لەدەستدانی كچێتيم. من لەم مناڵە بەگومانم. ئەم شارە ژينگەی گورگ مرۆكانە. ئێرە شاری گومانستانە. ئەم گومانستانە لە مێژەوە هەتا سەر ئێسك بۆگەنە.

چەندەها جار دەمگوت خوشكم دەرفەتی ئەم سەگبابە مەدە با زۆر هاتوچۆت نەكا.

–باجی پياوێكی چاكەو زۆر رێكوپێكە.

–خوشكەكەم درۆيكرد لەگەڵمدا، هەروەك درۆكەی ئەو گورگ مرۆيە، ئەو كاتەی خزايە باخەڵمەوە. سوێندی شەرەفی بۆ خواردم، كە خيانەتم لێ نەكا. تەنها رابواردنێكی كاتی نەبێ، بەڵام ئەو كاتەی هەستم بە گەرمييەك كرد لەنێو گەڵمدا بۆمدەركەوت كار لە كار ترازاوە.

درۆ لە هەموو گۆشەيەكی ئەم شارەدا گەرای داناوە..من خۆم سەرۆكی درۆزنەكانم!.

ئەوا بابڵێين يەكەمجار بەزۆر داگيريكردمو كچێتيی خۆم لەدەست دا، ئەی دووەمجارو سێيەمجارو دەيەمجار؟. هەوەسبازييەكەی من سنووری ئەم شارەی بەزاندبوو، هەرچەندێك جار جارێك چێشتەكەت تێكڕائەدا، بەڵام بيركردنەوەكەت بچڕانی تێنەدەكەوت.

ئەو رۆژەت هاتەوە ياد كە ئەو خەڵكە كۆمەڵ كۆمەڵ لە گۆڕستان دەگەڕانەوە. بڕياری ئەوەت دا پاش چۆڵبوونی گۆڕستانەكە تۆ بڕۆی. دەستی خوشكەزاكەت بەدەستەوە بوو، لەپاڵ گۆڕەكەيدا چيچكەت كرد. خوشكەزاكەت بە كێڵی قەبرەكاندا هەڵدەگژا، دەنگێكی پڕ لە تووڕەبوونت لەنێو گۆڕی خوشكەكەتەوە بيست، هاواری كرد:

–مناڵێكی لاسارو زۆڵە.

لەگەڵ وشەی زۆڵی خوشكەزاكەتدا راچەڵەكای. هەستی ئەوەت كرد، كە ئێستا خوشكەكەت لەنێو قەبرەكەيدا بيردەكاتەوەو دەڵێ:

–چەندەها جار دەمگوت شەوانە درەنگ مەگەڕێرەوە.

ئەو شەوە دوور لە ژووری خەوتنەکەمان بە چەند هەنگاوێك دەنگی ترپە ترپی پێم بەرگوێ کەوت. هەڵسام، ئەمویست دەرگای ژوورەکە لە پشتەوە کلۆم بدەم. دەستو پەنجەیەکی توکن هاتەژوورەوە، بە هاوارێك بەسەر سیسەمەکەوە خۆم گرتەوە. پاش ئەوەی کە ئارامبووم زانیم ئەوەو یەکێکی دی نییە، یەکسەر حەزوچێژی مێبازی لە ناخمدا کەوتە جوڵە. بەتوندی لەئامێزی گرتمو بەسەرمدا نوشتایەوە. هەرچەندێ خۆم نەدا بەدەستەوە، دواجار لەژێریدا بووم بە سمۆرەیەکی بچوك. هەر ئەو شەوە بوو ئەم زۆڵە تکایە نێو پزدانم. پاش مانگێك ئامۆزا کەرەواڵەکەم مارەی کردم. شەوانە بەدەگمەن لەگەڵیدا جووت ئەبووم. ئەو شەوەی وا مانگ گیرا دەنگی تەنەکە لێدانی ئەم کاولستانە گوێی ئاسمانی کەڕ دەکرد. هەر ئەو کاتە ئامۆزا گێلو وێڵەکەم بووبوو بە ئەسپێکی بوغراو ئەویست کێڵگەی حەزی بکێڵێو ئارامبێ. من بە هیچ شێوەیەك خۆم نەئەدا بەدەستەوە، بەشێوەیەکی ئاژەڵانە داگیریکردمو هەرەسم هێنا. ئەو کاتەی لەژێریدا بووم لە شێوەی ورچێکی ناقۆڵادا ئەبینرا. دوو چاوی بچوكو لوتێکی بەران پۆزوو چوار کەڵبەی شاش، دووی لەسەرەوەو دووی لەخوارەوە. جارجارێك لمۆزی دەسوی بە گەردنمداو جارجارێکیش بە زمانە سوورەکەی ژێرچەنەی دەلێسامەوە.

لەوکاتەدا هەرچەندێ هێزم تێدابوو کۆمکردەوەو قریشقاندم، ورچەکە هەڵهات بەرەو راستە بازارەکە. خۆی کرد بە کۆڵانێکی تەنگەبەردا. زۆرجار رادەوەستاو بەسەر پاشویدا چیچکەی دەکرد. چاوەکانی سوورهەڵدەگەڕاو کەفاو بە لالغاوەیدا شۆڕدەبوو و کیفەڵەی دەکرد.

بەسالاچوویەکی کاڵفام هاواری کرد.

–هۆ خەڵکینە.. هۆی سەرەکیی ئەم مانگ گیرانە ئەم ورچەیە. دانشتوانی کۆڵانەکە بەربوونە وێزەی ورچەکە. بە بەردو بە تێلاو بە تەورداس. ورچەکە هەموو لاشەی نەتڵ بوو لە خوێندا، بەلام ورچەکە بەشێوەی ئادەمی زادێك هاواری دەکرد:.

–من لەپێناو هەقی خۆمو راستییەکدا بووم بە ورچ. هیچ کەسێك بڕوای پێنەدەکردم. نهێنییەکی گەورەم داپۆشی. ئەوکاتەی لاشە نەرمونۆڵەکەی ئەوم بینی لە راستییەکی گەورە خۆم گێلکرد.

لە هەموو تێکراداني چێشتەکەدا بە دەیان بیرۆکە لە ناختدا دەکەوتنە تەراتێن.

بە تەواوی روناکی لەنێو گەرووی سەرەتای تاریکیی ئەو ئێوارەیەدا تکابوو. تارماییەکان لەنێو تاریکیی شەقامە گشتییەکەدا تواپەوە. باڵندەو چۆلەکەکان لەنێو گەلاداری مالاندا ئۆقرەگیرو بێدەنگ بوون، تۆیش زۆر بەئاستەم لەسەرخۆ لەبەر دەرگاکە هەستایتو چویتە ژوورەوە.